# چاوپێکەوتن لەگەڵ

# کاک «کەریم سەلام»

## ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی سۆشیالیستی کورد «پاسۆک»

**پ: ئایا وەک «پاسۆک» دیتنی ئێوە لەسەر کێشەی کەنداو «خەلیج» چییە؟ چۆن کێشەی کوردیی تیا دەبینن؟**

و: پێشەکی سوپاسی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بەربانگ دەکەم بۆ ئەم هەلەی ڕەخساندی بۆ باسکردن و دەمەتەقێ لەسەر کێشەی خەلیج و پێوەندی یان کاریگەرێتی لە سەر کێشەی کورد.

ئەوەی ئێمە لێی حاڵی بین کێشەی خەلیج ڕووداوێکی کتوپڕ نەبوو، بەڵکو ئەنجامی کۆمەڵێ کێشەی عێراق بوو کە ڕژێمی فاشیستی عێراق لە چارەسەری گەیشتبووە بن بەستی تەواو، تەنها دەرەتانێک لەبەردەم ڕژێمی داگیرکەری عێراقیدا، داگیرکردنی دەوڵەتی کوێت بوو، ئەگەر بۆی بچێتە سەر، بەو ڕێگایە بتوانێت درێژە بە تەمەنی ئەگریسی خۆی بدات.. کێشەکان زۆرن، ئەوانەی زیاتر کاریگەر بوون، ئەمانەن.

١- ڕژێمی داگیرکەری عێراقی لەڕووی ئابوورییەوە تووشی تەنگ و چەڵەمەیەکی وا بووبوو کە بەهیچ جۆرێ چارەسەری بۆ نەئەکرا... قەرزارییەکی زۆر کە تەنها ڕێگای دانەوەی ئەو قەرزانەش دەرامەتی نەوت بوو، ئەویش لەم دووساڵەی دوای وەستانی شەڕ، بەشێوەیەک نرخی دابەزیبوو کە نەک بتوانێت قەرزەکانی بداتەوە یان وڵاتی وێرانەی هەشت ساڵ شەڕی پێ ئاوەدان بکاتەوە، بەڵکو قازانجی ساڵانەی قەرزەکانیشی بۆ هەڵنەدەسووڕا. ئەوەی ئەشمابەوە بەشی دزی و ڕفان ڕفانی خێزانی دیکتاتۆر و دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانیشی نەدەکرد. خۆ سەرچاوە ئابوورییەکانی تری بەتایبەت کشتوکاڵ بەوێرانکردنی کوردستان کە زیاتر لە سەدا شەستی بەرهەمی کشتوکاڵی عێراق لە کوردستاندا بەرهەم دەهێنرا، ڕاپێچ کردنی جوتیارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بۆ سەربازی و بوونی بەرنامەی بێ بەرهەم بوونە هۆی ئەوەی کە عێراق هەموو پێویستییەکانی خۆی لە دەرەوە بەپارەی نەقد بکڕێت. خۆ کارگە پیشەسازییەکان هەر زوو لە سەرەتای شەڕدا تاڵان فرۆش کران و درانە پیاوەکانی دیکتاتۆر.

٢- شەڕی ئێران و عێراق تەنها ڕاوەستابوو، هیچ جۆرە چارەسەرێکی تری بۆ نەدۆزرابۆوە، چونکە ڕێگا چارەی ئەبوایە بگەڕانایەتەوە سەر ڕێکەوتنەکەی ئازاری ١٩٧٥ کە بۆیشی نەئەکرا ئەی چی بکردایەتە زەمینەیەک بۆ سەرکەوتنە بەدرۆکانی بەسەر ڕژێمی «مەجوسدا» خەڵکی پێ ڕازی بکردایە؟

٣- کێشەی نەتەوایەتی کوردی بەبێ چارە هێشتبۆوە. تەنها چارەسەرێک کە کردبووی، وێرانکردنی دێهات و شارەکانی کوردستان بوو، هەموو خەڵکی ئەو شارو دێهاتە وێرانکراوانە کە زیاتر لە دوومليۆن کورد ئەبوو، بەبێ بەرهەم لەچەند ئۆردوگایەکی زووروملێدا کۆکرانەوە، ئەشی ئەزانی چییان لێ بکات؟ ئەنجامی بەرەو کوێ دەچێت؟

٤- بوونی زیاتر لە ملیۆنێک سەرباز کە زیاتر لەبەر چارەسەرنەکردنی کێشەی ئێران و عێراق هێشتبوونییەوە، خۆ ئەگەر بەرەڵاش بکرانایە هەموو بەبێ کار دەمانەوە.

٥- لەم کارەشیدا لەوە ناچێت، یان پێناچێت ئەمریکا و هێندێ لای تریش بێ ئاگابن لە داگیرکردنی کوێت. تاکو جێ دەستیان هەبێت یان هۆیان هەبێت بۆ لەناوبردنی ڕژێمی داگیرکەری عێراق چونکە عێراق بووبووە عەمارێکی چەکی کوشندە کە مەترسی زۆری داهاتووی لی دەکرا.

بەشی دووەمی پرسیارەکەتان کە کێشەی کوردیی چۆن تیا دەبینن؟

ئەتوانین بڵێین هەوێنی هەموو کێشەکەیە، چونکە بۆ لەناوبردنی کێشەی کورد بە چۆک دادانی بۆ ڕژێمی شای ئێران لە جەزائیر ساڵی ١٩٧٥ و دیسان هەڵوەشاندنەوەی لە ساڵی ١٩٨٠ دا بۆ سپی کردنەوەی ئابڕووی تکاوی و شەڕی وێرانکاری هەشت ساڵەی کە ڕژێمی گەیاندە ئەوەی پەلاماری کوێت بدات و ئەمجارەیان پێی ناچێت سەری خۆی پێ دەرکری.

**بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان کە دوارۆژی (١٥/١/١٩٩١)ە کە دەبێ عێراق لەکوێت دەرچێ یان هێز بەکار بهێنرێ بۆ دەرکردنی ... ئێوە ئەمە چۆن ئەبینن و چۆن ئەبێت؟**

و: ڕژێمی داگیر کەری عێراق لە پێناوی مانەوەی خۆیدا بە هەموو جۆرێک چۆک دائەدات. چونکە هیچ پێوەندیدار نییە

نەبەئەخلاق و نەبەھەڵوێستەوە. ڕژێمێکە بۆ پاراستنی کورسیەکەی خۆی هەرچی بۆبکرێت بۆمانەوەی خۆی ئەیکا . بۆیە هیچ دوورنییە و پێشی عار نییە پێش ئەو کاتەی بۆی دانراوە نەک لە کوێت ، بەڵکو لە هەر شوێنێکی تری وڵات بکشێتەوە... باشترین بەڵگەش ڕێکەوتن نامەکەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ کە کڕنوشی بۆ شای ئێران بردوو دیسان هەمان ڕێکەوتننامەی لەساڵی ١٩٩٠دا پەسەند کردەوە لەگەڵ ئێراندا.

وەک وتمان، ڕژێمێکە دوور لە هەموو شتێکی چاک. بۆیە پێ دەچێ، کوێت بەجێ بهێڵێ و هەرچی لەدەستی بێت بیکات بۆ مانەوەی خۆی. بەڵام لەوە ناچێت ئەمجارە کڵاوی پێ بکرێتە سەری کەس، چونکە مەسەلەکە هەر کوێت نییە... ڕژێمێکی هەرە مەترسی دارە بۆ ناوچەکە. بەڵکو مەترسیشی هەیە بۆ گشت مرۆڤایەتی بەتایبەت بەرەو ئەوە دەچێت کە چەکی کوشندەتر بەدەست بێنێ و ئەو کاتە چارەسەری زۆر زەحمەتتر ئەبێت .. تەنها ڕێگاش بۆ بەرهەڵستی لە کارەساتی گەورەتر، لەناوبردنییەتی.

**پ: عێراق وا پیشان دەدات کە کێشەی کەنداو لە نێوان عێراق و ئەمریکادایە. بۆچوونی ئێوە لەسەر ئەمە چییە؟.**

و: کێشەی کەنداو لە نێوان عێراق و ئەمریکادا نییە. بەڵکو کێشەیەکە لە نێوان ڕژێمی داگیرکەری عێراق و هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا. کە ئێستا لە داگیرکردنی کوێتدا دەبینرێ. بەڵایەکە بۆ خەڵکی دنیاو ناوچە هاتۆتە پێشێ کە ئەمریکاش بەشێکە لێی. تاکو ئێستا ئەمە دوانزەهەمین بڕیارە دەرچووە .. ئەم بڕیارانەش هەر ئەمریکا خاوەنی نییە، بەڵکو نوێنەرانی نزیکەی هەموو نەتەوەکان بڕیاریان لەسەر داوە. گەلانی دنیا دژی ڕژێمی داگیرکەری عێراقن و داوای لەناوبردنی ئەکەن چونکە هەموو مرۆڤایەتی خستۆتە مەترسیەوە چونکە بۆ قڕکردنی خەڵک هەرچی لەدەست بێت ئەیکات. ڕاستە ئەمریکا ئەمڕۆکە ڕابەرایەتی بەرهەڵستییەکە دەکات، بەڵام ئەمریکا تەنها لایەن نییە لەم کێشەیەدا کە ڕژێمی فاشیستی عێراق خولقاندوویەتی. بەڵکو ئەمریکا و هەموو دنیاش مەبەستیان تەقاندنی ئەو دومەڵە پیسەیە لە گیانی مرۆڤایەتی بەگشتی و میللەتی ئێمە بە تایبەتی. بۆیە کێشەکە لە نێوان ئەمریکا و ڕژێمی عێراقدا نییە.. ڕژێمی عێراق بۆ ڕاکێشانی سەرنجی عەرەب و خەڵکانی دژی ئەمریکایی ئەم قاوە بۆ پشتگیری کردنی ئەدات.

**پ: چۆن چارەسەری کێشەی کەنداو دەکرێت؟ ئایا چارەسەری هەر لە چوارچێوەی کەنداودا دەمێنێتەوە؟**

و: لە پێشەوە باسمانکرد کە ڕژێمی داگیرکەری عێراقی ئەگەر مەترسی لەسەر ڕژێمەکەی بێت بۆ لەناوچوونی، دوورنییە کوێت بەجێبهێڵێ و چوک دابدا بەرامبەر بە پاراستنی خۆی و ڕژێمەکەی..


بەڵام ئەمە دیسان جێی باسە کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پێی ناچێت بەمە لەکۆڵی ببنەوە. واش پێ ناچێت ئەم هەموو جەبحوناتەیان هێناوەتە ناوچەکە تەنها بۆ سەری سەدام بێت و بەس، دوور نییە بەگوێرەی ویستی خۆیان، یان بۆ نەهێشتنی مەترسی بۆ داهاتوویەکی دوور، زۆر شت بگۆڕن یان هەر نەخشەی ناوچەکە سەراپا بگۆڕن، ڕژێمەکانی ناوچەی ئێمە یەک یەک چارەنووسیان بەدەستی بەچارەنووسی سەدامەوە.. هیچ مەترسییەک لەسەر ناوچە نەوتییەکان و کەنداو و ناوچەکە نەهێڵن، ئەویش بەگوێرەی جوگرافیای سیاسی ناوچەکە بەگوێرەی ویستی خۆیان، چونکە هەر عێراق لەناوچەکەدا مەترسی دار نییە... بەڵکو ڕژێمانێکی تریش هەن هەمان مەترسیان لێ ئەکرێت ئەگەر وەک سەدام سەریان زل بێت. بۆیە لەوە ناچێت چارەسەری تەنها لە کەنداودا بمێنێتەوە.

**پ: ئێمە دەزانین بەرەی کوردستانی عێراق بەرنامەی فراوانی کوردستانی ی هەیە، تکایە گەر دەکرێ لەم بارەیەوە هەڵوێستی بەرەو پاسۆک مان بۆ ڕوون بکەنەوە.**

کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی ئەمجارە کۆمەڵێک بڕیاری گرنگی بۆ کاری داهاتووی کێشەی کورد داوە.. یەکێک لەبڕیارە زۆر گرنگ و پێویستەکانی، لەسەر ئاستی کوردستان بوو، بۆ ئەم بارەی ئێستا هاتۆتە پێشێ، ئەویش شێوەی کاری هاوبەشی کوردستانی یە لە نێوان هەموو هێزو شەخسیەتەکانی کوردستانیدا کە لەمەودوا گەر بکرێ کاری هاوبەش بکەن، بۆ «عەرض» کردنی بزاڤی نەتەوایەتی کورد لە کوردستاندا. باشترین ڕێگاش ئەبێت لە ڕێگای بەرەیەکی کوردستانییەوە بێت کە ئامانج و داخوازییەکانی گەلەکەمان ڕەچاو بکات و کاری بۆبکات. ئەگەر کرا، ئەگەر هەموو لایەک لایان پەسەند بێ.. خۆ ئەگەر ئەمەش نەکرا یان دواخرا ئەوا بەرنامەی کاری هاوبەش هەبێت لە نێوان هێزە کوردستانییەکاندا بۆ ئەم مەبەستەش ئێستا بەرەی کوردستانی «مەکتەبی پێوەندی کوردستانی» هەیە کە کاری ئەوەیە باس لەگەڵ هەموو هێزو شەخسیەتە کوردستانییەکاندا بکات بۆ ئەم مەبەستە.

دەربارەی دیتنی پاسۆک .. ئێمە وەکو حیزبێکی نەتەوەیی ئامانجمان یەکێتی و یەکگرتنەوەی نەتەوەی کوردو خاکی پارچە پارچەکراوی و داگیرکراوی کوردستان و بوونی کیانی سیاسی کوردییە. ئەم مەبەستەش ، بەرەی کوردستانی لەسەر ئاستی هەموو کوردستان، یان کاری هاوبەش یان هەر کارێکی چاک لە خزمەت جێگیربوونی بیری کوردستانیدا، تەنها ڕێگایە بانگەبەنێتە ئامانج. ئەمەش داوایەکی مێژوویی ئێمە بوو، ئەگەر تێبینی بڵاوکراوەکانی کۆن و ئێستای ئێمە بکەن، بەشێکی زۆری بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە تەرخانکراوە. لەو بارەیەشەوە لەلایەن هێندێ لە دۆستەکانیشمانەوە گەلێک جار کەوتوینەتە بەر توانج و تەشەرو گوناهبار ئەکراین بەخەیاڵ پڵاوی و بریندار ئەکراین ، خۆ لە دوژمنان هەر مەپرسە. وا ئیمڕۆش ژیان ئیسپاتی کرد کە بۆ چوونەکانی ئێمە لە جێی خۆیاندا بوون. بۆیە پێمان وایە ئەم کارە چەند دواکەوێت زیاتر تووشی زەرەرمان دەکات و پێویستیشە پەلەی لێ بکرێت.

١٩٩٠/١٢/٣



بەربانگ
ژمارە ٦٩